# OCHA

# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

ڕاپۆرتی باروودۆخ ژمارە. ٢١ (١٥ی نۆڤێمبەر–٢١ی نۆڤێمبەر)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ١٥ی نۆڤێمبەرهەتا ٢١ی نۆڤێمبەر لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی باروودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٤/١١/٢٨ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




- حکومەتی عێراق زیاتر لە ٣,٣ ملیۆن لیتری سووتەمەنی لە کەرکوکەوە ناردووە بۆ ئەوەی دابەش بکرێت بەسەر خێزانانی ئاوارە و هەژار لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- نێردەیەکی سێ ئۆتۆمبێلی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێگادابوو لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناوچەی نێودەوڵەتی بەغدا کرایە ئامانج بە هۆی ئامێرێکی تەقەمەنیەوە لە ڕۆژی ١٧ی نۆڤێمبەر.
- لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە پایتەختی هەولێر لە ڕۆژی ١٩ی نۆڤێمبەر، لەوانە شەش لە هاووڵاتیان شەهیدبوون و ٢٩ خەڵکی تریش بریندار بوون لە هێرشێکی تەقینەوەی خۆکوژی لە ناو جەرگەی شارەدا.
- پارچەکانی خۆراکی خێزانی دابین کراون بۆ ٩٤٣٧٥ ئاوارەی ناوخۆیی لەوەتەی ١ ی نۆڤێمبەر.

## تێروانینێکی باروودۆخەکە

حکومەتی عێراق زیاتر لە ٣,٣ ملیۆن لیتری سووتەمەنی لە کەرکوکەوە ناردووە بۆ ئەوەی دابەش بکرێت بەسەر خێزانانی ئاوارە و هەژارلە هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی. سووتەمەنی بۆ مەبەستەکانی خۆ گەرم کردنەوە و چێشتلێنان بەپەرۆشەوە پێویستن هەروەك کەش و هەوای وەرزی زستان دەست پێدەکات. هەر خێزانێکی هەڵبژێردراو ٥٠ لیتر لە سووتەمەنی وەردەگرن و وە دابەش دەکرێت لەژێر سەرپەرشتی پارێزگارانی پارێزگا. پێشبینی دەکرێت کە لە کۆی ١٢ ملیۆن لیتری سووتەمەنی کە بەرجەستە دەکرێت بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و خەڵکانی هەژار لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن حکومەت لە خەزنەکانی شاری کەرکوك. پارێزگای دهۆك، کە لەسەدا ٢٢ی ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق لە خۆدەگرێت، پێش وەختە ١٤٧٤ ملیۆن لیتری سووتەمەنیان وەرگرتووە؛ لە هەولێر ٨٥٠٠٠٠ و لە پارێزگای سلێمانی نیو ملیۆن لیتر سووتەمەنیان وەرگرتووە.

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report

ناردنی سووتەمەنی هاتە ئاراوە لەدوای چەند ڕۆژێکی کەم لە شکاندنی گەمارۆی داعش و هاوکارانی داعش لە گروپە چەکدارەکان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقی لە گەورەترین پاڵاوگەی وولات لە بێجی لە پارێزگای سەلاحەددین. پاڵاوگەکە ڕزگاری بووە لە زیانێکی زۆر و چاککردنەوە لەوانەیە ساڵێك بخایەنێت. لەوکاتەی عێراق بریتی یە لە دووەم گەورەترین وولاتی هەناردەکردنی نەوت لە جیهان کە دەستی گرتووە بە پێنجەم گەورەترین گڵدانەوەی نەوتی خام، ململانێ ی ١١ مانگ و نەبوونی یاسایەکی بودجە بە شێوەیەکی گەلێك زۆر بەرهەم هێنان و هەناردەکردنی نەوت و پرۆژەکانی پەرەپێدان و وەبەرهێنانی بیانی پەکخستووە.

دواهەمین زانیاری لەلایەن سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبووون ی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران ئاماژە دەکات کە نەبوونی ئەمن و ئاسایش بەردەوامە لە هێنانە کایەوەی ئاوارەبوون لە پارێزگاکانی کەرکوك و ئەنبار و سەلاحەددین و دیالە و موسڵ. لەوەتەی ١ی ئەیلول ٢٠٣٦٥٢ کەس ئاوارەبوون دوابەدوای ململانێ لە چەندین ناوچەی ناوەخۆیی لە هەرێمی باکور و ناوەڕاستی عێراق. تیمی مرۆیی سەرەکی وولات ئێستا ژمارەی ٢,١ ملیۆن ئاوارەی ناوەخۆیی بەکاردەهێنێت لەسەرتاسەری عێراق وەکو ژمارەی پلان بۆ دانراو بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی. سروشتی لێشاوەکەی ململانێ لە نێوان داعش و هاوکارانی داعش و هێزەکانی ئاسایشی حکومەت پێشبینی دەکرێت کەوا ببێتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر بە درێژایی مانگەکانی وەرزی زستان.

ئازادی جولانەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە هەڵاتوون لە ناوچە ململانێکان وەکو نیگەرانیەکی جەختکراو دەمێنێتەوە. نزیکەی نیوەی ٤٠٠ خێزانی ئەم دواییە کە گەیشتوون دەگەڕێن بەدوای هاتنەژوورەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی خاڵەکانی هاتنە ژوورەوە لە شێراوە (کەرکوك – هەولێر) و شێخ عبدلقادر (موسڵ – هەولێر) کە ڕاپۆرت کراوە ڕەتکراونەتەوە لە چوونەژوورەوەیان بۆ ناو هەرێمی کوردستان. ڕێ و شوێنێکی نوێ گیراوەتە بەر بۆ چوونەژوورەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاپۆرتکراوە کە لە ئۆپەراسیۆن دایە لەدوای سیستەمی کەفالەتکردن کە بەردەوام نەبوو لە سەرەتایی مانگی نۆڤێمبەر. ئاوارە ناوەخۆییەکان دەبێت یەکەم جار خۆیان ئامادە بن بۆ بەردەم نووسینگەی پۆلیس لە کەرکوك بۆ پشکنین و ڕەزامەندی پێش ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت کە بپەڕنەوە لە خاڵەکانی پشکنین بۆ ناو پارێزگای هەولێر. یەك نموونە لەبارەی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە ڕێگریان لێکراوە لە دەست گەیشتن بۆ هاوکاری مرۆیی لەبەر ڕێگەگرتن لە جولانەوە کە ٢١٥ خێزان دەبن کەوا چەندین جارە ئاوارەبوون و ئێستا لە گوندی تەل نەقار دەژین، لە نزیك پارێزگای دیالە لە شارۆچکەی کفری. ئاوارە ناوەخۆییەکان کەوا ئاوارەبوون لە پارێزگای سەلاحەددینەوە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ بۆ قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە. ئەوان ڕەتکراونەتەوە لە چوونەژوورەوەیان بۆ ناو خانەقین و کفری لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ولەوێ گیریان خواردووە، لە شوێن نیشتەجێبوونی گۆڕاو دەژین، بۆ چوار مانگی ڕابردوو بەبێ هیچ هاوکاریەکی مرۆیی. هاوکارانی مرۆیی ئێستا وەڵامی پێویستیەکانیان دەدەنەوە.

لە کاتی ئێستادا ١٨ خێوەتگە دامەزراون یان لە پرۆسەی تەواوبوون دان لە ٢٦ خێوەتگەی پلان بۆ دانراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەو خێوەتگانە ستانداردی جیاوازیان هەیە و هەندێکیان هێشتا بە زستانی نەکراون. لە دهۆك، هەموو هاووڵاتیانی شوێن نیشتەجێبوونی نافەرمی وەرگێها دێلال گواستراونەتەوە بۆ بێرسڤی ٢، بە توانایەکی ١٨٢٠ خێزان کە دەکاتە (١٠٩٢٠ کەس)، هەرچەندە ژێرخانەکان لە ناو خێوەتگەکە هێشتا دەبێت تەواو بکرێن. گواستنەوە لەو شوێنی نیشتەجێبوونە وەکو کاری سەرەکی دانراوە لەبەرئەوەی ئەگەری لافاوی تێدابوو و هیچ خزمەتگوزاریەکی تێدا چەسپ نەکرابوو بۆ باشترکردنی بارودۆخەکان کەوا ئاڵۆز دەبوو بەهۆی کێشەکانی خاوەندارێتی پارچە زەوی. بارانی وەرزی زستان بۆتە هۆی لێچوون لە ڕەشماڵەکانی خێوەتگەی بێرسڤی ٢، و ئەمەش تەنها ڕێگری لێدەکرێت بە پارچەیەکی پلاستیکی تر کە بەکارهێنراوە وەکو پارچەیەکی داپۆشەر.

چۆڵکردنی قوتابخانەکان لە پارێزگای دهۆك بەرامبەر بە ئامانجی ڕێکەوتی ١٢/١ بۆ دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی دواخراوی ٢٠١٤/٢٠١٥ بە شێوەیەکی خێرا لە پرۆسەدایە. لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا، نزیکەی لەسەدا ٨٠ی قوتابخانە داگیرکراوەکانی کە ماونەتەوە چۆڵکراون، زۆربەی ئەو قوتابخانانە ئێستا لەژێر نۆژەنکردنەوە دان. زۆربەی ئاوارەکان گواستراونەتەوە بۆ خێوەتگاکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان و دەسەڵاتدارانی ناوەخۆیی پشتڕاستیان کردۆتەوە کە خێوەتگەکانی ئەم دواییەی چەمیشکۆ کە کراونەتەوە کە دەکاتە (٣٠٠٠٠ کەس) و خێوەتگەی شاریە کە دەکاتە (٢٤٠٠٠ کەس) پڕ بوونەتەوە. هەموو قوتابخانەکانی لە پارێزگاکان لە قەزای زاخۆ چۆڵکراون، و ئەمەش ڕێگە دەدات بۆ ئاوارەکانی تر، بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەوانەی کە لە شوێنی کراوە دەژین وەکو پارکەکان و شوێن نیشتەجێبوونەکانی خێوەتگەی نافەرمی خوار ستاندارد، بۆ ئەوەی بهێندرێن بۆ ناو سیستەمی خێوەتگەی فەرمی و دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوونی باشتر بۆیان. نزیکەی ١٠٠ قوتابخانە هێشتا داگیرکراون لە قەزاکانی دهۆك و سمێل. نیگەرانیەکان ڕوو لەزیادبوون دان سەبارەت بەو بۆشاییەی کە تەرخان کراوە بۆ مەبەستەکانی پەروەردە لە خێوەتگەکان، و کەمبوونەوەی پاڵپشتی دارایی بۆ پەروەردەی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە بەشێوەیەکی گەلێك زۆر کاریگەریان دەبێت لەسەر وەڵامدانەوەکە. بۆ نموونە لە خێوەتگەی خانکێ، تەنها دوو قوتابخانە پلانیان بۆ دانراوە بۆ ٥٠٠٠ قوتابخانەی منداڵان و قوتابخانە ڕەشماڵیەکانی خێوەتگەی شاریە تەنها دەتوانێت لەسەدا ١٠ی منداڵانی تەمەنی قوتابخانە لەخۆ بگرێت.

لە نێوان ١٠ی ئۆکتۆبەر و ١٧ی نۆڤێمبەر ١٩٦٣٦ ئاوارە پەڕیونەتەوە بۆ ناو خاك لەدوای هەڵاتنیان لە کۆبانی لە سوریاوە، بۆ پەیوەندی کردن بەو ٢١٧٠٠٠ ئاوارەی کە پێش وەختە لە عێراق نیشتەجێبوون. ئاژانسەکانی کۆمەکی لەسەرەتادا پێشبینیان دەکرد کە زۆرترین ژمارەی ١٥٠٠٠ ئاوارەی سوری هەڵبێن لە دەوروبەری کۆبانێ بۆ گەران بەدوای ئاوارەبوون لە ناو هەرێمی کوردستان.

زۆرینەی ئاوارە سوریە تازە گەیشتووەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەگەڵ خزمان و برادەران نامێننەوە، نیشتەجێکراون لە کەمپی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر و لە کەمپی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی.

لە ڕۆژی ١٧ی نۆڤێمبەر سێ نێردەی ئۆتۆمبێلی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگادا بوو لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناوچەی نێودەوڵەتی بەغدا کە کرایە ئامانج بەهۆی بۆمبێکی چێندراو. هیچ برینداربوونێك یان مردنێك لە هێرشەکەدا نەکەوتەوە. لە هەولێر لە ڕۆژی ١٩ی نۆڤێمبەر شەش خەڵك شەهیدبوون، وە نزیکەی زیاتر لە ٢٠ خەڵکی تر بریندار بوون لە هێرشێکی تەقینەوەی خۆکوژی لەناو جەرگەی شاردا.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە

پێویستیەکان:

- خراپ بوونی بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە شارەکانی پارێزگای ئەنبار لە هیت و عامریە ئەلفەلوجە، کە ٤٠ کیلۆ مەتر لە ڕۆژئاوای پایتەختی بەغداوە دوورە، ڕێگری دەکات لە ئۆپەراسیۆنەکانی تانکەرەکانی ئاو لەوێ.
- دەسەڵاتدارانی پارێزگای موثنی داوا لە ئاژانسەکانی مرۆیی دەکەن بۆ دابین کردنی هاوکاری ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی بۆ زیاتر لە ١٠٧٠ خێزانی ئاوارە لە قەزاکانی سەماوە و ئەلوەرکە و ڕومەیثە و ئەلخذر.
- ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەستیان ناگات بە ئامێرەکانی ئاو گەرم کردنەوە و کەل و پەلە پەیوەندیدارەکانی کە ناخۆراکین بۆ دابین کردنی ئاوی گەرم بۆ شوشتن و پێداویستی پاك و خاوێنی کەسی بە درێژایی مانگەکانی زستان.
- پارێزگاکانی میسان و واسیت و زیقار دەستیان بە بودجەکانی خۆیانەوە گرتووە، هەروەك بودجەکانی فیدراڵی نەنێردراون، و لەبەرهەندێ دووچاری ئەستەمی دەبنەوە لە دابین کردنی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پێداویستی پاك و خاوێنی بۆ دانیشتووانانی ئاوارە.

وەڵامدانەوە:

- دابین کردنی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە پارێزگای دهۆك دەستی گەیشتوتە ٤٤٣٣١٣ خەڵك، زیادبوونێك هەیە لە دابەشکردن لە ماوەی ڕاپۆرتی پێشوو کە ٧٢٣٦ خەڵك بوو. لە پارێزگای هەولێر کۆی سوودمەندبووان کە ئاویان بۆ دابین کراوە بریتی یە لە ٥٩٢٠٧، و ئەمەش هیچ گۆڕانێك نانوێنێت لە دابین کردنی ئاو لە ماوەی ڕاپۆرتی پێشوو. لە پارێزگای سلێمانی ٣٣١٦٤ خەڵك هەتاوەکو ئێستا دەستیان پێ گەیەنراوە بە دابین کردنی ئاو بۆیان و ئەم ژمارەیەش نەگۆڕاوە لە ماوەی ڕاپۆرتکردنی پێشوو.
- گروپەکە ٥٠٠٠ دەستەی بوتڵی ئاوی دابەشکردووە بۆ ٢٥٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی کە نیشتەجێکراون لە پارێزگای قادسیە لە قەزای دیوانیە.
- خاوێنکردنەوە دابین کراوە بۆ ١٩٧٢٣٠ خەڵك لە پارێزگای دهۆك، ١٤٥٠٩ خەڵکی تریش لە ماوەی ڕاپۆرتی پێشوو. هیچ زیادبوونێك نیە لە ژمارەی خەڵکانی کە دەستیان پێ گەیەنراوە بۆ خاوێنکردنەوە لە ماوەی ڕاپۆرتی پێشوو بۆ خەڵکی لە پارێزگای هەولێر کە دەکاتە (١٣٣٥٥)، هەروەها لە پارێزگای سلێمانیش کە دەکاتە (٥٣٦٠).
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی دەستی گەیشتووە بە ٢٨٤٩٨٠ خەڵك لە پارێزگای دهۆك، زیادبوونێك هەیە بە ٢١٤٤٧ خەڵك لە وەتەی ماوەی ڕاپۆرتکردنی پێشوو. لە پارێزگاکانی هەولێر (٣٤٦٥١) و لە سلێمانی (٢٥٣٨٥) و هیچ گۆڕانێك نیە لە ئارادا نیە بۆ لەخۆگرتنی پاك و خاوێنی.
- مەشقکردنی بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی و هۆشیاری جێبەجێ کراوە لە نەجەف و بابل و بەسرە و واسیت و ئەنبار کە سوود دەگەێنێت بۆ زیاتر لە ٣٥٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئافرەتان و کچان. ئەو هەڵمەتانە جێبەجێ کراون لە ڕێگەی هاوکارانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەو پارێزگایانە.

- پرۆگرامێکی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی دەستی پێکردووە بۆ ٨٠ کەمانەتەوایەتی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە بەغدا، لەدوای ئەوەی کە ئەوان هەڵاتن لە ترسی شەڕو شۆڕ لە پارێزگای موسڵ، لەگەڵ دابین کردنی پێداویستی پاك و خاوێنی هەرزەکاران، ئاو و پێداویستی خێزانی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نیگەرانیەکانی ئەمن و ئاسایش ئەستەمی دروست دەکەن لە دابین کردنی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی لە پارێزگای ئەنبار.

- کەم و کورتی لە پاڵپشتی دارایی دەبنە ڕێگر لەبەردەم دابین کردنی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- ژمارەکانی ئاوارەبوونی چاوپیاخشێندراو، پێویستی کۆمەڵگای مرۆیی لە پلاندانان بۆ ٢،١ ملیۆن ئاوارە (لەوەتەی مانگی ١ ی ٢٠١٤) لەسەر هێل لەگەڵ پلانی فرە ئاژانس، دەبنە ئەنجامی فشارێکی دارایی زۆر بۆ هاوکاری. گروپەکە داوای ٢٦٧ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تر دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەگەری تەواوبوونی کۆمەکی بۆ پسوولەکان لە مانگی ١٢ و هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە تەواوبوونی تەواوی کۆمەکی بۆ هەموو جۆرەکانی هاوکاری خۆراك لە مانگی شوباتی ٢٠١٥.
- گروپەکە نیگەرانی جددی هەیە لەبارەی ٢،٢ ملیۆن خەڵکی هەژار کە دەکاتە (ئاوارە و کۆمەڵگا خانەخوێکان) لە پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ و سەڵاحەددین و دیالە و کەرکوك کە داوای هاوکاری مرۆیی دەکەن. لەبەرچاوگرتنەکانی ئەمن و ئاسایش هەرچەندە دەبنە ڕێگر لە دەست گەیشتن بۆ هاوکارانی مرۆیی.
- لە ڕێگەی هەماهەنگی هاوکارانی گروپەکە لە پارێزگای دهۆك، بۆشاییەکە بۆ ئەوانەی کە داوای هاوکاری خۆراك دەکەن کەمکراوەتەوە لە ٢٤٠١٧ خێزان بۆ ١٧١٦٥ خێزان. گرتنە ئەستۆی ٢٠٠٠ خێزانی تر پێشبینی دەکرێت کە بۆ ماوەیەکی کەم بۆشاییەکە کەم بکاتەوە بۆ ١٥٠٠٠ خێزان.

وەڵامدانەوە:

- لەگەڵ ئامانجی دابین کردنی هاوکاری خۆراك وەکو بەشێك لە ئۆپەراسیۆنی فریاگوزاری، هاوکارانی گروپ دەستنیشانی پێویستیە دیاریکراوەکان دەکەن. ژمارەی وەڵامدانەوەکان لەوانە، لە نێوان ئەوانی تر، بەشە خۆراکی سێ ڕۆژە یان مانگانە، دابەشکردنەکانی جۆری خۆراکی و سیستەمی قەرەبووکردنەوەی پسوولە. لە مانگی حوزەیرانەوە بۆ مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ گروپەکە دەستی گەیشتووە بە ١،٤ ملیۆن خەڵك بۆ هاوکاری خۆراك لە عێراق.
- گروپەکە هاوکاری ئەو خێزانە هەژارانە دەکات کە بەم دواییە گەیشتوون بۆ ناو خێوەتگەکان، ناوچە مەدەنیەکان یان ئەوانەی کە لەگەڵ کۆمەڵگا خانەخوێکان دەژین بە پێدانی بەشە خۆراکی وەڵامدانەوەی بەپەلە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەکیەکانی خۆراك پێدانی تایبەتکراو زیاد کراوە بۆ بەشە خۆراکی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ منداڵانی کە تەمەنیان لە نێوان شەش مانگان و پێنج ساڵانە وەکو قەبارەکردنێکی پۆلینکراو بۆ ڕێگەگرتن لە بەدخۆراکی. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ گروپەکە و هاوکارانی یارمەتی نزیکەی ٦٧٠٠٠ خەڵکیان داوە بە پێدانی بەشە خۆراکی وەڵامدانەوەی بەپەلە.
- لەوەتەی ی نۆڤێمبەر گروپەکە و هاوکارانی پارچەکانی خۆراکی خێزانیان دابین کردووە بۆ ٩٤٣٧٥ خەڵکی ئاوارە.
- گروپەکە دەستی کردووە بە دابەشکردنی پسوولەی خۆراك، لەگەڵ یەکەم وجەبەی کە وەریان گرتووە کە ١٧٧٣ خەڵکی ئاوارەن لە پارێزگای هەولێر لە قەزای سۆران. هەر ئاوارەیەك ٢٦$ دۆلاری ئەمەریکی مانگانە وەردەگرێت.
- کۆبوونەوەیەکی گروپەکە لە ڕۆژی ١٢ی نۆڤێمبەر لە هەولێر بەسەرکردایەتی لەلایەن ڕاوێژکارێکی پرۆژەی توانای ڕەگەزی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر (جێندەر) ڕەگەز و چالاکیەکانی ئەمن و ئاسایشی خۆراك.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە پارێزگای دهۆك، گروپەکە دەست نیشانی بۆشاییەکان دەکات لە هاوکاری خۆراك، بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی خۆی و هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کە هێشتا نەبوونەتە هاوکارانی گروپەکە. گروپەکە هاوکارێکی ئامادەکردووە بۆ یارمەتیدانی سەرۆك خێزانەکان لە قەزای شریخان کە هاوکاری خۆراکیان وەرنەگرتبوو و هەوڵ دەدات کەوا دەستی بگاتە ئەوانیش لە هەفتەکانی داهاتوودا لە قەزای ئامەدی.

## شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکانی کە ناخۆراکین

پێویستیەکان:

- بەشێکی بەرچاو لە تەواوی حاڵەتە کۆکراوەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان، کە دەکاتە لەسەدا ٣٣ (١٠٦٤١٧ خێزان)، کە بەدوای شوێنی ئاوارەبوون گەڕاون لە ئامادەکاریەکانی شوێن نیشتەجێبوونی کە توانای بەردەوامیدانی نیە وەکو قوتابخانەکان و باڵەخانە ئایینیەکان و باڵەخانە تەواونەکراوەکان و شوێن نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان. هەڵبژاردە سنووردارەکانی شوێنی نیشتەجێبوون دانیشتووانانی ئاوارە بەجێدێڵن لەگەڵ کەمێك لە هەڵبژاردە بەڵام گەڕان بەدوای شوێنی نیشتەجێبوون کە زۆربەی جار گونجاو نیە بۆ پاراستن لە بەرامبەر بارودۆخەکانی کەش و هەوای وەرزی زستان. ئەوانەی کە لە شوێن نیشتەجێبوونی نەگونجاو نیشتەجێبوون لەگەڵ دەستپێکی وەرزی زستان ئێستا بەشێوەیەکی زۆر ژیانیان لە مەترسیدایە.
- زانیاریە سەرەتاییەکان لەلایەن بە هاوبەشی وەزارەتی پلان دانان و هاوکارانی مرۆیی لە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ نیشان دەدات کە لە پارێزگای سلێمانی، لە نێوان ٤٠ و ٦٠ لەسەدای ئاوارە ناوخۆییەکان لە دەرەوەی خێوەتگە فەرمیەکان نیشتەجێبوون و هیچ جل و بەرگێکی وەرزی زستانەیان نیە. ١٠ بۆ ٢٠ لەسەدای بەشداری بە جل و بەرگی زستانە دەکەن لە نێوان ئەندامانی خێزان. وەکو، لە نێوان ٦٠ بۆ ٩٠ لەسەدای ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگاکە بەشێوەیەکی سەرەکی پێویستیان بە جل و بەرگی زستانە هەیە.

وەڵامدانەوە:

- هاوکارێکی گروپەکە لە ١٤ ڕۆژی ڕابردوودا ٥٥٢٩ کەل و پەلی پێداویستی خێزانی بۆ وەرزی زستان دابەشکردووە لەسەرتاسەری عێراق. ئەو پێداویستیانە لەوانە کەل و پەلە زۆر پێویستەکان وەکو هیتەر و بەتانی و فەرش.
- ١٤٩٥٠ خێزان لە باڵەخانەی چۆڵکراو و تەواونەکراو کراونەتە ئامانج لەلایەن هاوکارانی گروپەوە لە دهۆك بۆ ئامادەکاریەکانی وەرزی زستانە، لەوانە مۆرکردنی پێداویستیەکان و ڕەشماڵەکان بۆ وەرزی زستانە.
- پارچەی پلاستیکی دابەش کراوە بۆ ٣٠٠ خێزان لە پارێزگای هەولێر لە کەمپی بەحرکە و پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان دابەشکراون بۆ ١٦٠ خێزان لە پارێزگای دهۆك لە قەزای شێخان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ۆرکشۆپێکی چاوپیاخشاندنەوە بە پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە لە پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی ١٩ی نۆڤێمبەر ئەوەی دۆزیەوە کە وەڵامدانەوەکە زیانی بەرکەوتووە بەهۆی سنووردارکردنی پاڵپشتی دارایی و توانای ڕێکخراوەیی و جولانەوەی زۆری ئاوارە ناوخۆییەکان و هەماهەنگی لاواز و نەبوونی زانیاری و دواکەوتن لە کڕینی کەل و پەل. بەرەوپێشچوون لەبەرامبەر ئامانجەکانی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە لە پارێزگای سلێمانی بریتی بوو لەسەدا ٧٥ بۆ پێداویستیەکانی وەرزی زستانە کە دەکاتە (٥١٠٠ دابەشکراوە بۆ ئامانجی ٦٨٠٠)، کە بۆشاییەکی ٢٥لەسەدا بەجێدێڵێت.
- بەرەوپێشچوون لەبەرامبەر ئامانجەکانی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە لە کۆی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە سەدا ٣٥ بۆ شوێنی نیشتەجێبوون کە دەکاتە (٦٠٦٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی کە لەکاتی ئێستادا لە خێوەتگەکانن، کاتێك کە ئامانجەکە بریتی بوو لە ١٧٣٠٠٠)، بۆشاییەکی لەسەدا ٦٥ بەجێدێڵێت.

## هەماهەنگی خێوەتگە و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

پێویستیەکان:

- ستانداردەکان لە خێوەتگە نوێ و باشترکراوەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان بە شێوەیەکی زۆر جۆراوجۆرە. دەستنیشانکردنی جیاوازیەکان و بەڕێوەبردنی پێشبینیەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان دەبێت بەپەلە لە ئەستۆ بگیرێن.
- هاوکاران دەبێت نەخشەی تەواوی پێویستیەکانی خزمەتگوزاری دابین بکەن هەتاوەکو کۆتایی ساڵ بۆ ٢٠١٥.
- بە ڕوون و ئاشکرایی ڕۆلەکانی هاوبەشی پێناسە کراوە و بەرپرسیارێتیەکان پێویستە دابمەزرێندرێن لە نێوان هاوکارانی جیاجیای بەڕێوەبردنی خێوەتگە.
- ڕێکخەرانی وەڵامدانەوەی فرە گروپ پێویستە نزیك بوونەوەیەکی سەر بنەمای ناوچە دابمەزرێنن بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی دانیشتووانانی دەرەوەی خێوەتگەکان.
- شیکاری ڕەگەز و گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان دەست نیشان کراون وەکو توخمە سەرەکیەکان بۆ ئەوەی بخرێنە ناو هەموو چالاکیەکانی گروپەکە.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە ڕۆڵی خۆی فراوان دەکات بۆ لەخۆگرتنی ناوەڕاست و باشوری عێراق و هاوکاران پەرە بە تێگەیشتنێك دەدەن لەبارەی دارێژتنی نەخشە بۆ دانیشتووانانی ئاوارە، هەروەها مەترسیەکان و زیانەکان کە دووچاریان دەبێتەوە.
- مەشقپێکردنی بەڕێوەبەری خێوەتگە لە پارێزگای دهۆك بەردەوامی هەیە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- توانای تیمە نوێیەکانی بەڕێوەبردنی خێوەتگەی دەبێت هاوکاری بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەردەوامیدان بە پلانەکانی ڕێبەری و ئاراستەکردن، ئامادەیی زیاتری پەرەپێدانی کۆمەڵگا و گفتوگۆ و چاودێری و خزمەتگوزاری چاککردنەوە پێدەچێت داوا بکرێن.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- هەڵمەتی کوتان بەردەوامی هەیە بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵان لە دژی نەخۆشیەکانی سۆریکە و ئیفلیجی لە نێوان ئاوارە ناوەخۆییەکان، ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان. لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە باکوری سوریا لە شارۆچکەی کۆبانێ و لە قەزاکانی دەوروبەری هەڕەشەی هاوردەکردنی نەخۆشی ئیفلیجی و نەخۆشیەکانی تر کە ڕێگریان لێدەکرێت بە کوتان بەرزکردۆتەوە. بۆ نزیکەی چوار ساڵ دەبێت شەڕی ناوەخۆی سوریا ڕێگری کردووە لە هەماهەنگی هەڵمەتەکانی کوتانی بەرگری گشتی لە زۆربەی بەشەکانی وولات. لەوەتەی ١٠ی ئۆکتۆبەر، زیاتر لە ١٩٠٠٠ ئاوارەی سوری هاتوونەتە ژوورەوەی خاکی عێراق لە وولاتی تورکیاوە، بۆ پەیوەندی کردن بەو ٢١٧٠٠٠ ئاوارەی ترەوە، ئەوەش ئەرکێك دەخاتە سەر پێش وەختەی ژێرخانی تەندروستی درێژکراوە.
- پێویستیەك هەیە بۆ دابین کردنی هەردوو چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی و خەزنەکانی زیاتر بۆ داو و دەرمان. بە شێوەیەکی تایبەت لە پارێزگای ئەنبار.
- پێویستیەکی زیادکردن هەیە بۆ چاودێری ئەوانەی کە دەناڵێنن بەدەست نەخۆشیە درێژخایەنەکان و دەست گەیشتنی باشتر بۆ دەرمان و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە.
- تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و دەست گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی گەیاندن لەگەڵ جەختکردنەوەیەك لەسەر گەیاندنە ئاڵۆزەکان کە وەکو پێویستیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە.

وەڵامدانەوە:

- هاوکارانی گروپەکە هاوکاری پزیشکیان دابین کردووە بۆ ٤٠٦٥ ئاوارەی ناوەخۆیی کە دەناڵێنن بە دەست جۆری جیاوازی نەخۆشیە گواستراوەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەروەها لە قەزای ئەلقایمی سەر بە پارێزگای ئەنبار و قەزای حەمدانیە لە پارێزگای موسڵ. ٧٩ حالەتی شەکرە و ١٠٢ حالەتی زەخت چارەسەرکردنیان وەرگرتووە لەگەڵ ٥٦٥ بابەت هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە و ١١٥ دایکانی شیردەر بۆ منداڵانی ٠ هەتا ٢٣ مانگان لەگەڵ ڕاوێژکردنی دەست گەیشتن بە کۆرپەلە و خۆراك پێدانی منداڵانی بچووك بۆ خۆراك پێدانی گونجاو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن لە پارێزگاکانی موسڵ و ئەنبار و کەرکوك و سەلاحەدیین و دیالە.
- نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، هەروەها کەل و پەلەکانی ناو ماڵ و کەل و پەلە ناخۆراکیەکانی تری کەسی، بۆ کەم کردنەوەی لە بەرامبەر پلە نزمەکانی وەرزی زستان کاریگەری دەبێت لەسەر باری تەندروستی دانیشتووانانی هەژار یان ئەوانەی کە توانایان لاوازە.
- کەم و کورتی هەیە لەبارەی داو و دەرمانی ڕزگارکردنی ژیان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە دەناڵێنن بە دەست نەخۆشیە درێژخایەنەکان.
- کەمی ژمارەی هاوکارانی تەندروستی کە لە عێراق کاردەکەن توانای گروپەکە سنوردار دەکات بۆ پێویستیە تەندروستیەکان.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- تیمەکانی پاراستن بەردەوامن لە چاودێریکردنی بارودۆخەکە و نیگەرانیەکان سەرچاوە دەگرن لە پارێزگای دهۆك لەبارەی گواستنەوەی بە کۆمەڵی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە قوتابخانەکانەوە بۆ خێوەتگەکانی چەمیشکۆ، وەکو تەوالێتی ناتەواو و تەواو نەکراو لە خێوەتگەکان. ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی مەترسی لە بارەی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندویژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان کەوا گواستراونەتەوە.
- کۆی ١٣٠٢ خێزان لە ١٨ شوێنی جیاجیادا لە پارێزگای دهۆك دەست نیشان کرابوون کەوا مەترسی دەرکردنیان لێ دەکرێت. لەم کاتەی ئێستادا، دەسەڵاتداران ئەو خێزانانە پۆلین ناکەن بۆ گواستنەوەیان بۆ خێوەتگەکان هەرچەندە مەترسیەکانی پاراستن بە ڕوون و ئاشکرایی زیادی کردووە. هەڕەشەکان لەبارەی گواستنەوەی ناچارکراو ئاماژەیان پێ کراوە لە چەمچەماڵ و پیرەمەگرون و هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی.
- منداڵێك کوژرا بەهۆی مینێکەوە لە گوندی تەلیسکۆف لە (قەزای بچووکی ئەلقوش لە پارێزگای موسڵ) کاتێك لەگەڵ باوکی دابوو هەتا گەیشتنە خاکەکەیان. پێویستیەك هەیە بۆ پەروەردەی مەترسی ئەلغام بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان کە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی پارێزگای موسڵ کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دایە.

وەڵامدانەوە:

- چاودێریکردنی پاراستن بەردەوامی هەیە لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤ کە ٧١٧٠٤٨ کەسی گرتبووە خۆی کە دەکاتە (١١٩٥٠٨ خێزان). لەوانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، ١٧١٢٤ حاڵەت سەلمێندراون بۆ هاوکاری پارەی کاش، ٢٢٢٨٨ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنەکان جێبەجی کراون بۆ ٨١١٧ کەس کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی دابین کراوە بۆ ٨٣٠٤ منداڵ و ١٢٤ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. ١٣٧١٣ پێداویستی ئافرەتان دابەشکراوە بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- ۆرك شۆپێك ئەنجام درا لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و نووسینگەی ئاوارەبووان و کۆچبەران، بەشی ئاوارەبووان و کۆچبەران و UNHCR بۆ باسکردنی ڕێککەوتنی ڕێ و شوێنەکانی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دەست نیشان کردنی ڕاهێنانەکانی تۆمارکردن. لە پارێزگای سلێمانی، ٥١١ خێزان کە دەکاتە (٣٠٦٦ کەس) لە شاری سلێمانی و کەلار و خێوەتگەی عەربەت و سەید سادق و ناوچەکانی گردە گۆزینە تۆمار کراون.

- لە پارێزگای دهۆك، ٤١ منداڵی ئاوارەی ناوەخۆیی هەژار دەست نیشانکراون و ڕەوانەکراون بۆ دابین کارانی خزمەتگوزاری پاراستنی منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا ٣٠ لە پاریزگای سلێمانی. کۆی ٣٩٠ منداڵ دەستیان پێ گەیەنراوە بە چالاکیەکانی پاراستنی منداڵان لەوانە ژینگەکانی منداڵان، چالاکیەکانی داهێنان و بەڕێوەبردنی حالەتی منداڵانی جیابۆوە لە کەس و کاریان، منداڵانی پەککەوتە و حالەتەکانی برینی سەخت. لە پارێزگای هەولێر، هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندیەکان و سووربوونی باشترین بەرژەوەندیەکان جێبەجێ کراون بۆ منداڵانی کە زۆر هەژارن و لە خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکان دەژین. لە پارێزگای سلێمانی، ١٣ حالەتی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی دەست نیشانکراون و هاوکاری کراون بە هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پرۆگرامەکانی بنیاتنانی توانا بۆ سەرکردەکانی کەرتی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پاراستنی سەر بنەمای کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی کەرت پێویستە لە ناو هەموو خێوەتگەکان دا هەبێت. هۆشیاری زیاتر دەبێت بەرزبکرێتەوە لە ڕێگەی نامە ناردنی ڕێکخراو لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی و سەلامەتی ئاگر و مافەکانی ئافرەتان و منداڵان و دەست گەیشتن بە دادپەروەری فەرمی لەسەر هەردوو ئاستەکانی کۆمەڵگا و خێزانی.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- لە پلان دانانی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بۆ ٢,١ ملیۆن ئاوارەی ناوەخۆیی لەسەرتاسەری عێراق، زیاتر لە ٦٤٠٠٠٠یان تەمەنیان لە نێوان ٤ تاوەکو ١٧ ساڵی دایە و داوای دەست گەیشتن دەکەن بۆ پەروەردە. نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ لەو منداڵانە لە باکوری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق دان و خەملاندنێکی ٨٣٠٠٠ کە یان لە خێوەتگەکانن کە پێش وەختە کراونەتەو یان دەگوازرێنەوە بۆ خێوەتگەکان کاتێك بنیاتنانیان تەواو دەبێت.
- نزیکەی ٨٠٠ قوتابخانە بە داگیرکراوی دەمێننەوە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان لەسەرتاسەری عێراق و ١٣٠ قوتابخانەی تریش داگیرکراون لەلایەن هێزە سەربازیەکان.

وەڵامدانەوە:

- لە پارێزگای دهۆك لە قەزای زاخۆ، هەموو ١٨١ قوتابخانەکانی کە داگیرکراون لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان چۆڵکراون. لە قەزای بچووکی سمێل لە پارێزگاکە، ٦٣ قوتابخانە بەم دواییە چۆڵکراون و ٥٠ قوتابخانە بە داگیرکراوی دەمێننەوە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان. لە قەزای دهۆك، ٤٦ قوتابخانە بە داگیرکراوی دەمێننەوە. هەموو قوتابخانەکان لە پارێزگاکە دەبێت چۆڵبکرێن پێش دەستپێکی پلان بۆدانراوی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ کە خشتەی بۆ دانراوە لە ١ی ١٢.
- هاوکارانی گروپ، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشی پەروەردەی پارێزگای دهۆك، کار دەکەن لە دووبارە نۆژەنکردنەوەی زیاتر لە ٤٠٠ قوتابخانە کە بەم دواییە چۆڵکراون لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ ئەوەی ئامادە بکرێت بۆ ئامانجی ڕێکەوتی ١ی١٢ بۆ دەستپێکی قوتابخانە لە پارێزگاکە.
- پێنج پۆلی ڕەشماڵی ٧٢ مەتری چوار گۆشە دامەزراون لە قوتابخانەی خێوەتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی عەربەت. هاوکاری گروپەکە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ لێژنەی ناوەندی وەزارەتی پەروەردە بۆ دامەزراندنی ١٠ مامۆستا، بۆ تەواوکاری ئەو ٧ مامۆستایەی کە پێش وەختە لەوێن.
- دوانزە قوتابخانەی ئاوارەی ناوەخۆیی دەرەوەی خێوەتگە کراونەتەوە بۆ قوتابیانی ئاوارە لە دەوروبەری پارێزگای سلێمانی و بەڕێوە دەبردرێن لەلایەن تیمی ستافی کارگێری ئاوارە ناوەخۆییەکان، لەگەڵ ڕێنمایی کە دابین کراوە لەلایەن مامۆستایانی ئاوارە ناوەخۆییەکان.
- قوتابخانەیەکی خێوەتگە دامەزراوە بۆ قوتابیانی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە کەمپی عەلیاوە لە قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە، کە پەروەردە دابین دەکات بۆ ٩٠٠ منداڵ لە پۆلەکانی ١ تا ١٢.

بۆشاییەكان و ڕێگرییەكان:

- جولانەوەی زۆری دانیشتووانانی ئاوارە تەحەددایەكان دروست دەكات لە كۆكردنەوە و شیكاری ژمارەی منداڵان كە پەروەردەی فەرمی وەرناگرن لە ڕێگەی سیستەمی قوتابخانە.
- لەبەرچاوگرتنەكانی ئەمن و ئاسایش دەبنە ڕێگر لەبەردەم دەست گەیشتنی هاوكاران بۆ ناوچەكانی كە لە پێویستیدان.

## كەل و پەلەكان

پێویستیەكان:

- گروپەكە پێشبینی دەكات لە زیادبوونی داوایەكان بۆ هەردوو خەزنكردن و گواستنەوە – بە ڕێگای ووشكانی و ئاسمانی – بۆ وەڵامدانەوەی وەرزی زستانەی كۆمەڵگای مرۆیی. ئەمەش تێیدا لەوانە ستراتیژیەكی كۆمەكی بەرزكراوە بە ڕێگای ئاسمانی لەلایەن گروپەكەوە وەكو توخمێك بۆ گواستنەوەی مەوادەكانی وەرزی زستانە. باسكردنەكان لە ڕێگادان لەگەڵ هاوكارانی مرۆیی سەبارەت بە كۆمەكیەكی بەرزكراوە بە ڕێگای ئاسمانی لەلایەن UNHRD دبی.

وەڵامدانەوە:

- هاوكارێكی مرۆیی ٦٥ تەن بارهەڵگری گەیاندووە لە جل و بەرگ بۆ باڵەخانەكە بۆ خەزنكردنی كاتی و هاوكارێكی تر ٧,٥ تەن لە مەوادی مرۆیی خەزن دەكات. ٧٢,٥ تەنی لێكدراو لەكاتی ئێستادا خەزنكراوە.
- گروپەكە بەڵگەنامەكانی گەشت و ڕاست و دروستی دابین دەكات – لەسەر هێل لەگەڵ ڕێ و شوێنەكانی ئەمن و ئاسایشی فرۆكەخانە – بۆ هاوكارێكی مرۆیی كە ٣٦٠٠ پێداویستی زستانەی كە دەكاتە (٨٢,٨ تەن) بە ڕێگای ئاسمانی بەرزكردۆتەوە لە لاهۆری و پاكستان بۆ فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر. ئەمەش بریتی یە لە یەكەم حەوت خشتەی كۆمەكی وەرزی زستانەی بەرزكراوە بەڕێگای ئاسمانی لە دوو هەفتەی داهاتوودا.

بۆشاییەكان و ڕێگریەكان:

- پێنج یەكەی خەزنكردنی گەرۆكی تر داواكراون بۆ جێگرتنەوەی خەزنەكانی كە بە قەرز دراون بۆ هاوكاران بۆ خەزنكردنی زیاتر لە باڵەخانەی دهۆك، خەزنەیەكی پێكهاتوو لە دوو یەكەی خەزنی گەرۆك لە ووڵات.
- گروپەكە گفتوگۆی كردووە لەگەڵ هاوكاران لەبارەی ئەگەری پاڵپشتی دارایی بۆ سێ كۆمەكی فریاگوزاری وەرزی زستانە بە ڕێگای ئاسمانی. هەڵسەنگاندنی هاوكارەكە داواكراوە بۆ دەست نیشان كردنی هەر بۆشاییەك هەبێت لە زنجیرەی كۆمەكی، كەواتە گروپەكە دەتوانێت ئامۆژگاری بكات لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی كە لەبەردەستدان.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەكان

پێویستیەكان:

- بۆ هەریەك لە ڕاپۆرتەكانی پێشوو، كۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای خزمەتگوزاریەكانی فریاگوزاری زانیاری و تەكنەلۆجیا و پەیوەندی فریاگوزاری كردووە.

وەڵامدانەوە:

- ڕێكخراوی یۆنامی سێ لەرەلەری ئەنەلۆگ و سێ لەرەلەری ژمارەیی ڕادیۆی تر بۆ گروپەكە دابین دەكات بۆ بەكارهێنانی لە شارەكانی دهۆك و سلێمانی لە هەرێمی كوردستانی عێراق. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دەست گەیشتن بە تۆڕەكانی ڕادیۆ

لەلایەن ستافی مرۆیی. گرووپەکە بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنامی بۆ دەستکەوتنی لەرلەری تر بۆ تۆڕی ڕادیۆی ژمارەیی.

- ژمارە نهێنیەکانی ڕادیۆی ئەنەلۆگ تاقیکراونەتەوە و دابەش دەکرێن بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێك ئامادە دەبن. ئەمەش دڵنیایی دەدات بە ڕادیۆیە ژمارەییەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان دەتوانن ڕادیۆی ئەنەلۆگ بەکاربێنن لە شارەکانی سلێمانی و دهۆك.
- پێکهاتەی نیشانەی پەیوەندی کردن نوێکراوەتەوە و دابەش دەکرێت بەسەر ڕێکخراوە مرۆییەکان، بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی گفتوگۆی ڕادیۆی سەلامەت.
- زیاتر لە ٢٠٠ ستافی مرۆیی تۆمارکراون لەسەر تۆڕی بێ تەلی گروپەکە لە شارەکانی دهۆك و سلێمانی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- وەڵامدانەوەی گروپی پەیوەندی فریاگوزاری بەردەوامە لەوەی کە بە نەرێنی زیانی بەرکەوتووە لەلایەن هەڵبژاردە سنوردارەکان بۆ هاوردەکردنی ژمارە و بڕێکی گەورەی زۆر گرنگی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری.

## هەماهەنگی گشتی

- حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیك بۆتەوە لە نووسینگەی هەماهەنگی بۆ کاروباری مرۆیی بە سەرکردایەتی کردنی مەشقی وەرگرتنی خەزنە بە هاوبەشی بۆ جێبەجێکردنی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە و گفتوگۆی زیاتر لەبارەی پلانێکی ئۆپەراسیۆنی هاوشێوە لەگەڵ زانیاری لەبارەی پێویستیەکان و کەم و کورتیەکان تاوەکو مانگی ئازاری ٢٠١٥ (کە پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلەی ژمارە ٢)ە. پرۆسەکە دەستی پێکردووە لەگەڵ وەرگرتنی خەزنە لە مەیدانی خێوەتگە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و بەردەوام دەبێت لەگەڵ ڕاوێژکردنەکانی مەیدانی زیاتر لە هەفتەکانی داهاتوودا.
- ڕێکخەری ڕاوێژکاری بەتوانا لە بواری ڕەگەز لەگەڵ بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەماهەنگی پلانەکان دەکات بۆ ١٦ ڕۆژی چالاککردن. هەروەها چالاکیەکان هەماهەنگی دەکرێن لە خێوەتگەکان بە بەردەوامی لەگەڵ خشتەی جیهانی، " ئاشتی لە ماڵەوە بۆ ئاشتی لە جیهان؛ با دەست بکەین بە بەرەنگاربوونەوەی بەسەربازیکردن و کۆتا هێنان بە توندوتیژی لە دژی ئافرەتان". بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن"
    - https://www.facebook.com/SayNO.UNiTE
    - http://endviolence.un.org/
    -

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**
لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و شنگال و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلوجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە ٢,١ملیۆن ئاوارە هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,
مۆبایل عێراق: 9201 312 750 (0) 964+
دەیڤد سوانسۆن، بەرپرسی زانیاری گشتی، swanson@un.org
مۆبایل عێراق: 0849-377-750 (0) 964+
بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر@OCHAIraq
بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:https://iraq.humanitarianresponse.info